# ئایا دەکرێ لە دوای کارەسات شیعر بهۆنینەوە؟

## بۆ ئەو گیانبەختکراوانەی لە ئەنفالی کوردستاندا چاویان بڕییە چاوی گۆڕهەڵکەنەوە

کاوان محەمەدپوور (ڕەخنەگری ئەدەبی)

«پاش شەڕ، مردووەکان یەک پرسیاریان لە هەموو ڕزگاربووەکان دەکرد: ئایا دەتوانن چیرۆکی ئێمە بگێڕنەوە؟؛ ئێمە ئێستا وڵامەکەی دەزانین: نا. ئێمە چیرۆکی ئەوانەمان بۆ ناگێڕدرێتەوە و هەرگیزیش ئەم کارەمان پێ ناکرێت. ئەوانەی قسەیان کرد، قسەکانیان نەبیسرا؛ ئەو چیرۆکەی ئێوە بیستتان، ئەو چیرۆکە نەبوو وا ئەوان وتیان.»

ئێلی ویسێل

سلاڤۆی ژیژەک لە پێشەکی کتێبی: (توندوتیژی،شەش ڕوانینی ژێرچاوی) لە زمان (فاین ئیشتاین)ـەوە بیرەوەرییەکی جێی سەرنج لە شاعیری سەردەمی ستالین، (ئانا ئاخماتووا) دەگێڕێتەوە: «ئانا ئاخماتووا لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە ئەو کاتەی لەوپەڕی یەکلاکردنەوەکانی ستالین، لە ڕیزێکی درێژدا لە بەر دەم زیندانی لینینگراد چاوەڕێ بووە هەواڵی کوڕەکەی-واتە "لێف"- بزانێ چی بەسەر هاتووە: ڕۆژێک کەسێک لە ناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا منی ناسیەوە. لە پشت سەرم ژنێکی گەنج کە لە سەرمان لێوی شین هەڵگەڕابوو و بەدڵنیاییەوە هەرگیز منی بە نێو نەدەناسی[ڕاوەستابوو]. ئەو پاش بیستنی ناوم لەو سستییەی کە هەمووانی داگرتبوو هاتە دەر و بە ورتە پرسی-لەوێ هەمووان بە ورتە قسەیان دەکرد- «ئایا دەتوانی ئەم دۆخە وەسف کەی؟» من وڵامم داوە «بەڵێ دەتوانم». لێرەدا بوو کە بزەیەکی بێگیان و تیژتێپەڕ نیشتە سەر ڕوخساری، ڕوخسارێک کە ئیتر شێوەی مرۆڤی نەدەدا.» (ژیژک، ١٣٩٧: ١٣-١٤). ئەم بیرەوەرییە- هاوشێوەی خودی ژیژەک- ئێمە بەرەو ڕستە بەناوبانگەکەی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) سەبارەت بە «شیعر و کارەسات» دەبا: «هۆنینەوەی شیعر لەدوای ئاشۆویتس دوورە لە شارستانیەت و فەرهەنگ». ڕستەیەک کە ساڵی (١٩٥١) لە وتارێکدا نووسرا و تەوەرەکەی ڕەخنەی فەرهەنگ و کۆمەڵگا بوو و تا ئەمرۆکەش بە گوتەی مایکڵ هانبورگێر «سەبارەت بە نەبوونی دەرەتان بۆ نووسینی شیعرە لیریکەکانی پاش ئاشۆویتس کتێب و وتارگەلێکی زۆر نووسراوە، چ بگا بە هۆنیەوەی شیعر سەبارەت بەو» (اباذری و دیگران،١٣٧٢: ٢٤٦). (هێربێرت مارکوزە)ـش لە یادداشتێکدا بە ناوی: «شیعری لیریک لەپاش ئاشۆویتس»، جارێکیتر ناوەرۆکی ئەم ڕستەی ئادۆرنۆ، لە ئاستی پرسیارێکی بنەمایی بۆ نووسراوەکانی خۆی گەڵاڵە دەکات. بە بڕوای مارکوزە دەکرێ لە دوای ئاشۆویتس شیعر بهۆنرێتەوە بەڵام بە مەرجێک: «[...] ئەگەر شیعر، لە چوارچێوەی نامۆبوونێکی

Kurdishbookhouse.com

ئاشتیـنەخوازانەدا، ئەو سامناکییەی کە هەبوو و بەردەوام بوونی هەیە، سەرلەنوێ ئاراستە بکاتەوە» (مارکوزە، بیـتا). ئەو لە درێژەدا کێشەکە زۆرتر لە نووسینی نەسر(پەخشان)دا دەبینێ هەتا نووسینی شیعر، چونکە پەخشان زیاتر لە شیعر قەرزداری ڕاستێتییە و لەودا «نامۆبوون بە شێوەیەکی دژوارتر دەستەبەر دەبێت»(هەمان). ئەگەرچی مارکوزە پێی وایە لە پەخشانەکانی سامۆێل بێکێت و کافکادا ئەم نامۆبوونە دەستەبەر بووە. ژیژەک لە بەرایی کتێبی باسکراودا هەر ئەم بۆچوونەی -هەڵبەت بە لێکدانەوەیەکی جیاواز- هەیە، کەوابوو پاش ئاشۆویتس: «ئەوەی وا ناکرێت پەخشانە نەک شیعر. پەخشانی ڕیالیستی هەرەس دێنێت، بەڵام وێناکردنی شاعیرانەی فەزای تاقەتپڕووکێنی ئۆردووگا ئاکامی دەبێت...شیعر بەپێی پێناسەکان سەبارەت بە شتێکە کە ناکرێ ڕاستەوخۆ بپەرژێیە سەری و دەبێ بە شێوەی شاراوە و ئاماژەیی قسەی لەسەر بکەیت» (ژیژک، هەمان).

ئەگەر ئێمەش وەکوو مارکوزە بوێریی ئەوەمان هەبێت کە بە ڕستەکەی ئادۆرنۆ، وشەی «لیریک»- لە پاش شیعر- زیاد کەین، پێدەچێ کێشەکە تا ڕادەیەک ئاسانتر چارەسەر بێت: "پاش ئاشۆویتس، هۆنینەوەی شیعری لیریک وەحشیگەرییە"، لێرەدا بە زیادکردنی چەمکەکان، ڕاستێنە(مصداق) شیعرییەکانمان کەم کردەوە و خۆمان لەگەڵ شیعری عاشقانە و هەستە تاکەکەسییەکان سەبارەت بە گێڕانەوەی کارەسات یەکلا کردەوە. ناکرێ لە دوای کارەسات شیعری لیریک بهۆنینەوە، چونکە ڕواڵەتی دزێوی کارەسات دەڕووشێنێت و دایدەبەزێنێتە سەر ماکێکی جوانیناسانە. بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە کێشەکە تەنیا هۆنینەوەی شێعری لیریک یان نا-لیریک لە دوای کارەسات نییە، بەڵکوو وێناکە بە شێوەیەکی دیکە خویا دەبێت. لە سەرەتادا ئاماژەم بە بیرەوەرییەکی شاعیری ڕووس، ئانا ئاخماتووا کرد کە لە وڵامی یەکێک لە شڵەژاوەکانی سامی ستالینیدا دەڵێ: توانای وەسفی وەها دڵەڕاوکێ و ترسێکی لە شیعرەکانیدا هەیە. بەم ئاماژەیە لەگەڵ نموونەیەکی پێچیاوتر و دژوارتر لە توانایی هۆنینەوەی شیعر بەرەوڕووین. نموونەیەک کە بە «توانین/ نەتوانینی گێڕانەوەی کارەسات» دەست پێدەکات، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر شایتحاڵەکانی کارەسات دەکاتەوە. لێرەدا ئاراستەی پرسیارەکانمان بەم چەشنە دەردەکەون: کێ دەتوانێ شایەتێکی ڕاستەقینە بۆ ئەو کارەساتە بێت کە ڕوویداوە؟ یان چ کەسانێک- جیا لە مێدییۆم یان چەشنی ئەدەبی/ هونەری- دەتوانن کارەسات بگێڕنەوە؟ لە لایەکی دیکەوە لە ئەگەری گێڕانەوەیدا ئایا دەکرێ لە هەقیقەتی پەتی کارەسات نزیک بینەوە؟

والتێر بێنیامین لە «تێزگەلێک سەبارەت بە مێژوو»ـدا بەشێوەی خوازەیی باسی (فریشتەی مێژوو) دەکات کە باڵەکانی بەرەو ڕابردوو دەکاتەوە و بەسەر وێرانەکانی مێژوودا دەفڕێت تا ڕیوایەتێک لە کارەسات و وێرانی ناو مێژوومان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام گەردەلوولی پێشڤەچوون بە باڵەکانیدا دەخوشێ و ئەو لە ئاراستەکەی دەترازێنێت و تووڕی دەداتە ناو داهاتووەوە. (فریشتەی مێژوو)ـی بێنیامین بە هەڵوێست، تێفکرین، گوێدان و بە ڕوانینێکی کۆنەپارێزانەوە چاو لە ڕابردوو دەبڕێت بۆ ئەوەی «لە چنگ فەرامۆشی ڕزگاری کات». فریشتەی مێژوو، خۆی لە ناو کارەساتدا نەژیاوە و تەنیا شایەتێکی دووەمە و چاوەدێری وێرانەکانی مێژووە، کەوابوو شایەتییەکانی لە هەقیقەتی پەتی کارەسات نزیک نابنەوە و گێڕانەوەی تەواوکۆی لە کارەسات پێ نییە. لە ڕاستیدا فریشتە تەنیا گێڕەوەی ڕاپۆرتێکی دەستە دووە لە وێرانی. بەسەرنجێکی وردتر بۆمان دەردەکەوێت کە بابەتی گێڕانەوەی کارەسات، لەسەر شایەتە عەینییەکانی کارەسات چڕ بووەتەوە، واتە کەسانێک کە خودی کارەساتەکە ژیاون و سنووره مرۆیی و نا-مرۆییەکانی ئەویان بەتەواوی ئەزموون کردووە.

لەم بارەیەوە جۆرجیۆ ئاگامبێن لە کتێبی «پاشماوەکانی ئاشۆویتس»ـدا، بە تاوتوێی بیرەوەریی ڕزگاربووانی گرتووخانەکانی نازی، جیاوازی دەخاتە نێوان دوو چەشنە شایەت لە زمانی لاتیندا. یەکەمیان (Testis)ـە، بە واتای

Kurdishbookhouse.com

شایەتێک کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە بابەتەکەدا بەشدار نییە و تەنیا بینەریەتی، وەک کەسی سێهەمی بابەتەکەیە و شایەتێکە لە دەرەوەی بازنەی ڕووداوەدا. دووهەمیان (Superstes) کە خۆی بەشێک لە بابەتەکەیە و بەشێوەیەک لەناخیدا ژیاوە. شایەتیی ئەم کەسە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە خودی خۆیەوە هەیە. ئاگامبێن بە هێنانە بەر باسی بیرەوەری و نووسراوەی کەسانێک وەک پریمۆ لۆوی یان جۆرج سمبیریۆن باسی چینێک لە زینیدانیکراوەکانی نازی دێنێتە گۆڕێ کە بە وشەی نامۆی (Muselmann)- مووزێلمان- ناودێر دەکران، واتە ئەو زیندانیانەی لە نزمترین ئاستی مرۆیی و یاساییدا بوون. کەسانێک کە بە هۆی ترس و ئەشکەنجەی نازییەکانەوە بەر لە مەرگی بایۆلۆژیک، خۆیان ئەسپاردەی مەرگێکی هێمایین و سایکۆلۆژیک کردبوو و هەر چەشنە شوناسێکی مرۆییان لێسەندرابۆوە. مووزێلمان کەسانێکی داماڵدراو لە یاسا و لە خوارەوەترین ئاستی ناهومێدی ئۆردووگادا بوون، کەسانێک کە بە گوتەی پریمۆ لۆوی لە سنووری نێوان مرۆڤ و نا-مرۆڤدا جەولەیان دەکرد، مرۆڤێک کە تەنانەت توانای خۆڕاگری-و هات و هاوار-یشی لە بەرامبەر کوورەکانی مرۆڤسووتاندنی نازییەکاندا نەبوو و، بێ ئەوەی بچوکترین خۆڕاگرییەک بنوێنێت خۆی لە کوورەکانی ئاگر دەهاویشت. ڕواڵەتگەلێکی  تێکشکاو و چەمیو وەک ئەوەی هەمیشە خەریکی کوڕنۆش بردن بن، مردووانێکی بزۆک بە لەشێکی کەنەفت و بێدەنگییەکی هەمیشەییەوە. هەر لەم ڕووەیە کە لۆوی ناوی کتێبەکەی بە پرسیارێکی تەوساوی لەم چەشنە مرۆڤە ناو دەنێ: «ئایا ئەوە مرۆڤە؟»

هەروەک وترا، (Superstes) شایەتێکە کە خۆی لە ناو ڕووداودا ژیاوە، کەوایە دەتوانێ شایەتی لەسەر کارەسات بدات. بەڵام بە گوێرەی ئاگامبێن شایەتی لەسەر دۆخی کارەساتباری ئۆردووگاکانی نازی تەنیا وەسفی ئۆردووگاکان و ئەزموونە تاکەکەسییەکان نییە، بەڵکوو دەربڕینی چۆنییەتی سنوورێکە کە مرۆڤ لە نا-مرۆڤ جیا دەکاتەوە، بە وتەیەک سەرجەم ئەزموونەکانی کارەسات لای کەسێکە کە لە «مرۆڤەوە بووە بە نا-مرۆڤ». لە دۆخی ئۆردووگای نازیدا، ئەم نا-مرۆڤە، هەمان مووزێلمانە. پریمۆ لۆوی و جۆرج سمبیریۆن، ئەگەرچی خۆیان لەناو کارەساتدا بوون و دەکرێ بە (Superstes)ـیان بهێنینە ئەژمار، بەڵام بە قەرای مووزێلمان کارەساتیان ئەزموون نەکردووە، ئەوان- و دیکەی زیندانیانی ڕزگاربوو- هاوشێوەی مووزێلمان تووشی مەرگی هێمایین و بڕینی بەناچاری سنوورەکانی مرۆیی بەرەو نا-مرۆیی نەبوونەوە. کەوابوو بە وتەی ئاگامبێن، گێڕانەوەی ئەوانیش ناتەواوە، چونکە تەنیا بەشێک لە هەقیقەتی کارەساتیان بینیوە. لەم ڕووەوە تەنیا شایەتێک -کە دەکرێ وەک بەڵگە بیهێنینەوە- لە دۆخی ئۆردووگادا، مووزێلمانە، بەڵام هیچ کام لەم چەشنە زیندانیانە لە ئۆردووگانی نازی نەهاتنە دەر، واتە گشتیان لەناوچوون. لەڕاستیدا ئەزموون کردنی تەواوکۆی کارەسات، بەرامبەریشە لەگەڵ مەرگ. ئەگەرچی تەنها گێڕانەوە دەستە دووەکان دەتوانن بەڵگەیەک بن بۆ ئەم کارەساتە و دڵی هەر گوێگرێک بلەرزێنن، بەڵام تۆکمە و تەواو نین.

دەتوانین وەها ئەزموونگەلێکی سامناک لە بیرەوەرییەکانی تەیموور عەبدوڵا ئەحمەد (ناسراو بە تەیمووری ئەنفال)- تاکە ڕزگاربووی گۆڕیبەکۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکانی کوردستان-یش بدۆزینەوە. تەیموور لە دیمانەیەکدا دەگێڕێتەوە کاتێک عەسکەرەکانی ڕژێمی بەعس لە نێوان گۆڕە هەڵکەندراوەکاندا تەقەیان لە ئەو و هاونیشتمانییەکانی دەکرد، ئەو بەختی دەبێت و گوللەکان ناپێکن و تەنیا ڕووکاری پشتی دەڕووشێنن، بەڵام خۆی لەبەرامبەر سەربازانی بەعسدا دەمرێنێت- یان ڕەنگە لە ترسان نەیتوانیبێ بجووڵێت. کاتێک سەربازەکان لە گۆڕەکان دوور دەکەونەوە بۆ ئەوەی بە شۆفڵ خۆڵ بەسەر گۆڕەکاندا بکەن ئەو هەوڵ دەدا لە تاریکی شەودا لە گۆڕەکە بێتە دەرەوە. تەیموور دەگێڕێتەوە: «ویستم بڕۆمە دەرەوە دەنگی کچێک هات ووتی بۆ کوێ دەچێت، تاریک بوو بەهێواشی قسەم کرد ووتم ئایا تۆ ساغی یان برینداریت، کچەکە ووتی من زیندووم بەڵام قاچم لەژێر

Kurdishbookhouse.com

جەنازەکاندایە، پێم ووت هەستە با بڕۆین ڕاکەین خۆمان بشارینەوە. بەهێواشی ووتی من نامەوێ دایکم بەتەنیا جێبێڵم و لە عەسکەر ئەترسم نایەم. کچێکی هەشت بۆ نۆ ساڵان دەبوو.» (قوربانی، ٢٠١٣: ١٠٩). تەیموور پاش هەڵاتنەکەی دەڵێت: «لە دوورەوە لاندکرۆزەرێکم بینی لەبەردەمی لایتی شۆفلەکەوە دیاربوو بە دەوری چاڵەکاندا دەسووڕێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن کەس ڕاینەکردووە»(هەمان:١١٠). لە نموونەی لەم چەشنەدا- واتە ئەنفالی کوردستان- شایەتێک کە بە تەواوی کارەساتی ئەزموون کردووە، ئەو دیلانەن کە بە زیندوویی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژران یان تا مەرگ ئەشکەنجە دران. ئەوان وەکوو کچۆڵە هەشت-نۆ ساڵانەکەی بیرەوەری تەیموور لە ترسان توانای هاتنە دەر لە گۆڕەکەیان نەبوو و لە نێوان قەبارەیەک لە تەرم و خوێندا زیندەبەچاڵ کران. تەیمووری ئەنفالیش وەکوو پریمۆ لێوی و جۆرج سمبریۆن تەنیا بەشێک لە کارەساتیان دیوە، ئەو بەشە شاراوەیەی- لە نموونەی ئەنفالدا: زیندەبەچاڵ کردن- ئەزموون نەکردووە، چونکە ئەگەر بە تۆکمەیی ئەزموونی کردبایە ئەویش زیندوو نەدەبوو. بەو وەسفەوە، نە (فریشتەی مێژوو)ی بێنیامین کە شایەتێکی دەستە دوو و (Testis)ـە و نە ڕزگاربووانی کارەسات- کە شایەتگەلێکی دەستە ئەوەڵ و (Supertes)ـن- هیچ کامیان ناتوانن سەرجەم کارەسات بگێڕنەوە.

کەوابوو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری سەرەتای باسەکە و باسی توانایی هۆنینەوە شیعر لە دوای کارەسات بکەین و تواناییش بە بەرامبەری «گێڕانەوەی ڕاستەقینە/ بەرپرس» بزانین، دەبێ بڵێین نە شیعر و نە پەخشان- و تەنانەت هیچ مێدییۆمێکی ئەدەبی/ هونەری دیکەش- ناتوانن سەرجەمی کارەسات بگێڕنەوە. ئەی کەوایە کاری ئەدەبیات لە هەمبەر کارەساتدا چییە؟ ئەدەبیات دەتوانێ بە پاتەکردن و هەرەسهێنانە یەک لەدوای یەکەکان لە گێڕانەوەیدا، پاسەوانێک بێت بۆ «فەرامۆش نەکردنی مێژوو». لەم پێناسەیەدا ئەدەبیات زیاتر ڕۆڵی (فریشتەی مێژوو)ی بێنیامین دەگێڕێت هەتا شایەتێکی تەواوکۆی ئاگامبێنی. شیعرەکان، پەخشانەکان، فیلمەکان، تابلۆ شێوەکارییەکان و... هتد، هاوشێوەی فریشتەی مێژوو بە هەڵوێست، تێفکرین و نیگایەکی قووڵ و، بێ توانای ڕزگارکردن، تەنیا بەڵگەیەک بۆ حزووری کارەسات و کاولکاری لە ڕابردوودان. بەڵگەیەک کە خۆڕاگری دەکات لەبەرانبەر فەرامۆش کردنی کارەسات بۆ داهاتوو. گێڕانەوەی دەست و پێشکاو و پچڕپچڕی پەخشانەکان، وێنەی بێشوێن و دەرەتان و سازدانی شوێنی نوێ لە شیعرەکاندا، دروستکردنی فیلمگەلێک لە چوارچێوەی کۆمێدی/تراژێدیا و گاڵتەکردنی بە مێژووی کارەسات[1]، کۆمەڵێک دەرەتانن کە زەینی بەردەنگ لە بەرامبەر یادەوەری کارەساتدا خۆڕاگر دەکەن. ئەمە هەمان شتە کە مارکوزە سەبارەت بە هۆنینەوەی شیعر لە دوای ئاشۆویتس باسی دەکا و ناوی ناوە «نامۆبوونی ئاشتینەخوازانە».

بە سەرنجدان بە تێڕوانینەکەی (تێزۆتان تۆدۆرۆڤ)، ئەدەبیاتی گێڕانەوەیی دەتوانێ سەرچەشنگەلی بیرەوەرییەکانی ڕابردوو بپارێزێت و هاوکات لەگەڵ لەزەیندا ڕاگرتنەکەی، بەرگیری لە (بە وتەی: پۆل ڕیکۆر) «نەخۆشیی بیرەوەری» بکات. لە ڕاستیدا ناکرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەبەردەست بە هۆی ئەدەبیاتەوە باسی کارەسات بکەیت، بەڵام دیسانیش ئەدەبیات و هونەر تەنیا مێدییۆمگەلێکن کە پاسەوانی فەرامۆش نەکردنی کارەساتەکانی ڕابردوون. بە گوتەی ژیژەک « ئەو ناتەواویانەی کە لە بواری دەربڕینی ڕاستییەکاندا لە ڕاپۆرتی کەسی زیانبەرکەوتووی دەروونی سەبارەت بە ئەزموونەکەیدا هەیە، شایەتە بەسەر ڕاستبوونی ڕاپۆرتەکەی ئەوە، چونکە ئەم ناتەواوییە نیشانەی ئەوەیە کە ناوەرۆکی ڕاپۆرت، شێوازی ئاراستەکردنی ڕاپۆرتەکەی "ئاڵۆز و خەوشدار" کردووە». (ژیژک، هەمان: ١٣). کەوابوو شایەتێک کە بتوانێ بە ڕوونی سەبارەت بە کارەسات قسە بکات،

Kurdishbookhouse.com

ڕاپۆرتەکەی "جێ‌متمانە" نییە، دەلالەتی «ڕوون بوون»ـی گێڕانەوەی کارەسات، بەڵگەیەکە لەسەر وردبینی و تێفکرینی گێڕانەوەیی بە تەکووزییەکی زەمەنییەوە، بێگومان کەسی زیانبەرکەوتوو بەهۆی ترۆمای دەروونی هەرگیز ناتوانێ بە وردی و بە ڕوونی کارەسات بگێڕێتەوە. لەم دۆخەدا ئەرکی شیعر، «بەرگیری لە فەرامۆش کردنی کارەسات و کاولکاری»ـیە، نەک ڕزگارکردن یان گێڕانەوەی تەواوکۆ و دەستە ئەوەڵی کارەسات. دەکرێ شیعر لە دوای کارەسات بهۆنرێتەوە بەڵام نەک بەو هۆیەی کە توانای گێڕانەوەی تەواوکۆی کارساتی هەیە، بەڵکوو بەو هۆیەی کە لە زاتی خۆیدا، چەشنێکی ئەدەبییە کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەیەکی خوازەیی و تەمهیداتیدا ئاماژە بە بابەتەکان دەکات، واتە بابەتگەلێک کە هەرگیز خۆ نادەن بە دەست ڕووناکیی هەقیقەتەوە. ئەم ئاماژە ناڕاستەوخۆ و خوازەییە، بەشێکە لە تواناکانی شیعر و بە شێوەیەکی سێحراوی دەتوانێ خۆی بەسەر فەزای خەیاڵاویی شاعیردا بسەپێنێت. خوازەیەک کە دەرفەتی هەڵاتن لە ڕاستێنەی خەسێندراو ئاراستەی خەیاڵی داهێنەرانە دەکات.

هەڵبەت لەم دۆخەدا، شیعر ئاراستەیەکی دوو لایەنی لەبەرە، لە لایەکەوە «جوانیناسانە»ـیە، کە لەودا بە شێوەیەکی هونەری، لەگەڵ پتەوییەکی ڕووکەشی و واتای عەینی و جوانکاری تەواوکۆ ڕووبەڕووە و، لە لایەکی دیکەوە «ڕاپۆرتێکی خەوشدار و توێ توێ لە کارەسات». ئەم دوو جەمسەرە پەیوەندییەکی لێکدژیان لەگەڵ یەک هەیە. چونکە پتەوی و یەکێتی جوانیناسانەی شیعر، واتای ڕاستەقینەی کارەسات کز دەکات و لە دڵەڕاوکێ، سەرسامی، ناحەزی و شلوێبوون لە بەرامبەر گێڕانەوەکەی کەم دەکاتەوە. بە واتایەک پتەویی جوانیناسانەی شیعر «نامۆبوونی ئاشتی‌نەخوازانە»ـی نییە. وەها پەیوەندییەکی دژواز کە لە نێوان «هۆنینەوەی کارەسات» و «ڕەهەندە جوانیناسەکانی»ـی شیعردا هەیە، شیعر لە زاتی «دەربڕین»ـی خۆیدا تووشی شکستێکی ئەبەدی دەکات، زیانێک لە تا ئەبەد داوێنی دەگرێت و شکستێک کە خۆی هۆکارە بۆ نەتوانینی هۆنینەوەی تەواوکۆی کارەسات. لەم پەیوەندییەدا، ڕواڵەتی تێکشکاوی شیعر، نیشانەیەکە بۆ بوونی کارەسات و کاولکاری لە قووڵاییەکانی مێژوو دا. کەوایە شێعر بە شکستی خۆی لە جوانیناسیدا بەسەر گێڕانەوەی کارەسات-وەک دالێک بۆ فەرامۆش نەکردنی-سەردەکەوێت. بەوتەیەک، ناتەواوییەک کە ناخی مرۆڤ دایە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر بوونی کاولی و ترس لە مێژوویدا.

ڕەهەندێکی‌تری ئەم شایەتحاڵییە، «لاڵبوون»ی شایەتەکانە. ئەم لاڵبوونە بەشێوازی جۆربەجۆر لە گێڕانەوە و کەسییەتی شایەتەکان دەردەکەوێت. پریمۆ لۆوی لە کتێبی «ئایا ئەوە مرۆڤە؟»، باس لە مناڵێکی ئەڵمانی لە ئۆردووگای نازییەکاندا دەکا کە «بە شێوەیەکی کارەستاوی زمانی دایکی خۆی لە بیر چووبۆوە و نەیدەتوانی بە ئەڵمانی قسە بکات»(لۆوی، ۲۰۰۹). وەها دۆخێک لە بیرەوەرییەکانی (تەیمووری ئەنفال)ـیشدا دەبیندرێ. ئەو دەگێڕێتەوە کاتێک لە بیابان لە لایەن بنەماڵەیەکی عەرەبەوە دۆزرایەوە و ماوەیەکی زۆر ئاگاداریان لێ کرد، پاش چەند مانگ، پیاوێکی کوردیان هێناوە ماڵێ بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات-چونکە ئەو مناڵێکی کوردی تەمەن دوازدە ساڵان بوو کە عەرەبی نەدەزانی. سەرەڕای ئەوەی تەیموور لەم چەند مانگەدا زۆر هەوڵ دەدا بنەماڵە عەرەبەکە لەو کارەساتەی بەسەری هاتووە ئاگادار کاتەوە و بە دیتنی پیاوە کوردەکە خۆشحاڵ دەبێت، بەڵام ناتوانێ دۆخی کارەساتباری خۆی بۆ ئەو پیاوە بگێڕێتەوە: «خۆشم نازانم حەپەسا بووم نازانم لە ئیرادەی خواوە زمانم بەسترا، خۆم نەمویست قسە بکەم، نازانم کامیان بوو. ئیتر دیار بوو ئەو واتێگەیشت من کەڕولاڵ بم بۆیە زۆر گوێی پێنەدا و ڕۆیی» (قوربانی، ۲۰۱۳: ۱۳۱).

Kurdishbookhouse.com

مۆریس بلانشۆ بە شێوەیەکی خوازەیی، دۆخی (لاڵبوون لە هەمبەر کارەسات) لە کتێبی «نڤیسار و کارەسات»ـدا - کە لە پێشەکی وەرگێڕانی فارسی کتێبی «شێتیەتی رۆژ»ـدا هاتووە- بەم شێوەیە باس دەکات: «ئێوەیەک کە دواتر دەژین لە تەنیشت دڵێکەوە کە ئیتر لە لێدان کەوتوە، وێنا بکەن منالێکی حەوت ساڵان، یان ڕەنگە هەشت ساڵان؟ هەروا کە لەسەر لاق وەستاوە، پەردەکە لا دەدات و لە قەراغ پەنجەرەکەوە چاو لە حەوشە، دارە زستانییەکان و دیواری ماڵەوە دەکا. چاوی بە ئاسمان دەکەوێ بەو هەور و تیشکە خۆڵەمێشییەوە...ئەوەی وا دواتر روو دەدات: ئاسمان، هەمان ئاسمان لەنەکاو دەکرێتەوە...بەتاڵ...کە هیچە ئەوەی وا هەیە، زیاد لە هەموو شتێک لەو لا نییە. بابەتی چاوەڕواننەکراوی ئەم دیمەنە هەستێکی بەختەوەرییە کە لەنەکاو سەرانسەری وجوودی منالەکە دادەگرێت. شادییەک کە تەنیا بە دڵۆپی فرمێسکەکانی دەریدەبڕێت. بە شوێن سوکنایی منالییەوەن. منالەکە هیچ نالێ. ئەو لەومەودوا لە نهێنیدا دەژیت. منالەکە ئیتر ناگری». (لە زمان پێشەکی وەرگێڕ، بلانشۆ، ١٣٩١: ٢). بلانشۆ لە «نڤیسار و کارەسات» بە ئاگاهییەوە باسی نەتوانینی گێڕانەوەی کارەسات دەکات و دەڵێ: «ئەوە تۆ نی کە قسە دەکەی؛ ئیزن بدە کارەسات لە دەروونی تۆدا قسە بکات، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگای فەرامۆشی یان بێدەنگی تۆوە ئەم کار بکات». لاڵبوون چ لە ڕەهەندی دەروونشیکارانەی خۆیەوە- وەک نموونەی تەیمووری ئەنفال و منالە ئەڵمانییەکەی بیرەوەری پریمۆ لۆوی- و چ لە ڕەهەندی هێمایینەکەیدا -واتە بێدەنگیی بلانشۆیی بەنیسبەت گێڕانەوەی کارەساتدا- ترۆمایەکە وا تەنیا لە دۆخی سامناکی کارەساتەوە سەرچاوە دەگرێت. بیرەوەری پاشماوەکانی ئەنفال و هۆلۆکاست بەم قەناعەتەمان دەگەیەنن کە زەین لە زەمەنی هێماییی کارەساتدا دەوەستێت و ئیتر هیچ تواناییەکی بۆ جووڵاندنی ساتەوەختەکان لە ئارادا نابێت. بەشێکی زۆر لە پاشماوەکانی کارەسات بە ڕاوێژێکی پێداگرانەوە ڕایدەگەیەنن کە ناتوانن لەو کاتە- سەردەمە- بێنە دەرێ[٢].

لەم بەستێنەدا، شیعری کارەسات، ڕۆڵی دیلەکانی کارەسات دەگێڕێت کە لە نێوان (لاڵبوون، بێدەسەڵاتی و شایەتی)ـدا لە جەوله دان. شیعر ئەو مێدیۆمەیە بە تەمهیدەکانی خۆی و بە شێوەی خوازەیی و لە فۆرمێکی «ناڕاستەوخۆ» و «نابەپەرس لە حاست هەقیقەتی پەتی/ ڕووت» دەتوانێ باسی کارەسات بکات. چونکە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بۆ کارەسات لە ڕیزی تەکووزی وردی گێڕانەوەیی و بەرپرسبوون لە حاست هەقیقەت دایە. لەو ڕووەوە کە یەکەم: کارەسات لە ڕابردوودا ڕووی داوە و لە ژێر ڕکێفی ئێمەدا نییە و دووهەم: بوون لە ناو دڵی کارەساتدا ترۆمای دەروونی لێ دەکەوێتەوە، کەوابوو تەکووزی ورد و ئاماژەی ڕاستەوخۆ و لە ئەنجامدا بەرپرسایەتییەک بەنیسبەت گێڕانەوەی هەقیقەتی ڕووتی کارەسات بوونی نییە. لە لایەکی دیکەوە ئەزموونی تەواوکۆی کارەسات و دۆزینەوەی سەرجەم توێژە شاراوەکانی بەرابەرە لەگەڵ مەرگ. دوای کارەسات شیعر دەهۆنرێتەوە، بەڵام نەک بۆ شاتەتییەکی تەواو و پێویست و یان ڕزگارکردنی ڕابردوو- یان تەنانەت بەرپرسبوون بەنیسبەت ڕاستی بێخەوشی ڕووداوەکە- بەڵکوو تەنیا بۆ "فەرامۆش نەکردنی مێژوو"ـە. هەر هونەریکیتریش دەتوانێ ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت بەڵام وادیارە دەرەتانەکانی شیعر بۆ دەربڕینی کارەسات زەوەندترە.

بەگشتی هیچ شاعیرێک ناتوانێ بەهۆی هۆنینەوەی شیعرەوە بڕوای بە بەرپرسایەتیی تەواو بەنیسبەت هەقیقەتەوە هەبێت، شاعیر تەنیا- بە گوێرەی ئانا ئاخماتووا- دەتوانێ: ئەو دۆخە وەسف بکات، بە بێ تەکووزییەکی ورد و برپرساریەتییەک لە حاست هەقیقەتە ڕەهاکەی، چونکە بەتەواوی لە ئەزموونە بەرهەستەکەی بەدووره. بەڵام ئایا هەر شیعرێکی خوازەیی و چەند توێژی دەتوانێ پاسەوانی فەرامۆش نەکردنی کارەسات بێت؟ وڵامەکە نەخێرە، چونکە شیعر تەنیا توانا فۆرمییەکانی زمان نییە بەڵکوو- لەم کەیسەدا- «ئەزموونی ئەدەبیی کارەسات»ـیش لەئارا

Kurdishbookhouse.com

دایە. هەر شیعرێک بە یارمەتی گوتەزا یان چەمکی بنەڕەتیی فۆرم یەکێتی و چوارچێوە دەبەخشێت بە کۆمەڵێک ماکەی پەڕەوازە. ئەم ماکانە، واتاکان، کاریگەرییە هەستەکییەکان، بیرۆکەکان، ئەزموونە ژیندراوەکان، راستییە مێژووییەکان، کۆنیشانەکان و ...هتد دەگرێتەوە. کۆمەڵەیەک لەم ماکانە دەکرێ بە دەوری چەمکێکی وەکوو ئەزموونی ئەدەبی یان شاعیرانەدا پۆلێنبەندی بکرێت. ئەزموونێک کە لەودا شاعیر تێگەیشتن و فامی خەیاڵیی خۆی «گشتی» دەکاتەوە. ئەگەر شاعیر توانی ئەزموونی خەیاڵیی خۆی لە ڕابردوو- لە گوێن کارەسات- بەشێوەیەکی گشتی دەربڕێت، بە جۆرێک کە لەگەڵ پچڕپچڕ بوونەکەی-و بە وتەی والاس ستیوێنز «وەسفی ناشوێن»-ـی ئەو تێگەیشتنە گشتییە دەستەبەر بکا، تا ڕادەیەک دەتوانێ پاسەوانی ئەم فەرامۆشییە بێت. «گشتیکردنەوەی ئەزموونی شاعیرانە» بە واتای خەڵکیکردنەوە و دابەزانی ئەدەبییەتی شیعر نییە، بەڵکوو بە واتای شیاوی فام کردن و «دروستکردنی دەقگەلی هەڵکەندراو» لە دڵی مێژووە. شاعیر، ناشوێن و فەزایەکی مەجازی دەئافرێنێت کە ڕابردوو و کارەسات لەوێدا ڕووی دەدا. گشتیکردنەوەی ئەزموونی شاعیرانە بەهۆی توانا و ئۆتۆرینەی شاعیر لە بەرسازەدانی وەها ناشوێنیکدا پێکدێت. شاعیر بە سازدانی فەزا نوێیەکان، ئەزموونی خەیاڵیی خۆی لە کارەسات-بە بێ دەرکردنی بڕیار- گشتی دەکاتەوە و «لە چوارچێوەی نامۆبوونی ئاشتینەخوازانەدا، ئەو سامناکییەی وا هەبوو- و هەروا درێژەی هەیە- سەرلەنوێ ئاراستەی دەکاتەوە» (مارکوزە، هەمان). لە ئەنجامی ئەم هەڵسووکەوتە، دەکرێت شیعر، نەک وەک شایەتێکی تەواوکۆی کارەسات، بەڵکوو وەکوو بەڵگەیەکی ئەرشیڤی بێت بۆ کاولکاریی ڕابردوو، بەڵگەیەک کە پاسەوانی «فەرامۆش نەکردنی مێژوو»ـە. لەم ئاراستەیەدا شیعر لە بەستێنی دەربڕینی کلاسیک و جوانیناسانەدا هەرەس دێنێت و لە بواری پاراستنی سەرچەشنەکانی کارەساتدا سەردەکەوێت، بەگوتەیەک فیداکردنی ڕەهەندێک بۆ ڕەهەندێکیتر. ڕەهەندی جوانیناسانە خۆی فیدا دەکا بۆ پاراستنی ڕەهەندی پاسەوانی لە مێژوو. لەم ڕوانگەیەوە، ئەو شیعرەی بە دیمەنەکانی کارەسات نەخشاوە، ناتوانێ هیچ ئیدعایەکی لەمەڕ سەرنجڕاکێشیی جوانیناسانەدا هەبێت و تەنانەت لە ناونانی «یەکێتی فۆرمی»ـشدا تووشی کەموکووڕی دەبێتەوە.

وا پێدەچێ لەم بارەوە و سەبارەت بە شیعری ئەمڕۆکە دەبێ هەندێک بەرهەستتر قسە بکەین. کارەساتگەلێکی وەکوو هۆلۆکاست، ئەنفالی کوردستان، کوشتاری ئەرمەنییەکان، ئۆردووگاکانی ستالین و ...هتد، کۆمەڵە کەیسێکن کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و ڕەنگە کەسانێکی کەم لەو کاتەوە تا ئێستا لە ژیاندا مابێتن. ئەگر شاعیرێکی ئەو سەردەمە، هەوڵی ئەوەی دابێ کارەساتی ئەو زەمەنە وەسف بکات و بیگێڕێتەوە تا ڕادەیەک دەکرێ شایەتی لەسەر ساختە نەبوونی شیعرەکەی بدەین، لەم پەیوەندییەدا بە مەرجی پاراستنی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان کرد، شیعر دەتوانێ بەڵگەیەک بێت بۆ کارەساتێک کە ڕووی داوە و لە ڕیزی ئەدەبیاتی کارەسات- نقیساری کارەسات- دا جێگیر بێت. بەڵام ئەم دۆخە بۆ شاعیر یان نووسەر و هونەرمەندێک کە کیلۆمەترەها چ بە شێوەی شوێنی و چ بە شێوەی کاتی لە کارەساتەوە دوورە، چۆناوچۆنە؟ ئایا دەکرێ باسی گشتیکردنەوەی «ئەزموونی دەروونی» کارەسات بکات؟ یان چۆناچۆن دەکرێ زمانی شکاو، هیستریک و ترۆماتیکی شاعیری دوور لە ڕووداوی کارەسات لەگەڵ شاعیری نزیک لە کارەسات لێک جیا کەینەوە؟ لێرەدا بابەتی سەرەکی «ئەزموون» و «چۆناوچۆن ئەزموونکردنە».

ڕەنگە لەم پەیوەندییەدا وتاری (حەکایەتبێژ: ڕامانێک لەسەر بەرهەمەکانی نیکۆلای لێسکۆف)ـی واڵتەر بێنیامین ڕێگەخۆشکەر بێت. بێنیامین لەم وتارەدا جیاوازییەکی بنەڕەتیی دەخاتە نێوان ڕۆماننووسان و حەکایەتبێژانی کلاسیک. ئەم جیاوازییە بە هەندێک چاوپۆشییەوە دەکرێ سەبارەت بە شیعر و ئەزموونی کارەساتیش بەکاری بێنین. بێنیامین دەڵێ: «ئەوەی وا کەرەستەی جیاوازیی نێوان ڕۆمان لە هەموو چەشنەکانی دیکەی پەخشانی ئەدەبی-

Kurdishbookhouse.com

حەکایەتی پەریەکان، ئەفسانە و تەنانەت چیرۆکی کورت- دابین دەکات، ئەوەیە کە ڕۆمان، نە لە نەریتی زارەکییەوە سەر هەڵدەدا و نە تێکەڵیشی دەبێت. هەر ئەم بابەتە بەتایبەتی خاڵی جیاوازیی ڕۆمان و حەکایەتبێژییە. ئەوەی حەکایەتبێژ دەیگێڕێتەوە، لە ئەزموونەوە- جا ئێستا چ ئەزموونی خۆی و چ ئەزموونی گێڕدراوەی دیتران- سەرچاوەی گرتووە و ئەویش بە نۆرەی خۆی حەکایەتەکەی دەکات بە بەشێک لە ئەزموونی کەسانێک کە گوێی لێ دەگرن. ڕۆماننووس خۆی گۆشەگیر کردووە.» (بنیامین، ١٣٩٣: ٥). لە ڕوانگەی بێنیامینەوە جیاوازییەک کە لە نێوان ڕۆماننووسان و حەکایەتبێژاندا هەیە، لە فۆرمی ئەزموونی ئەم دوو تاقمەوە سەرچاوە دەگرێت. حەکایەتبێژان باسی شتێکیان دەکرد کە لە ئەزموونی ئەواندا هەبوو- «جا ئێستا چ ئەزموونی خۆیان و چ ئەزموونی گێڕدراوەی دیتران» (هەمان)، و هەر گێڕانەیەوەک لە لایەن ئەزموونی ڕاستەوخۆ و گێڕدراوەوە ئاراستە دەکرا، بەڵام ڕۆماننووسان ئەزموونی خۆیان لەسەر ئەزموونێکی دیکە- یان لەسەر شێوەیەکی تایبەت لە ئەزموون- بونیاد دەنێن، «ڕۆماننووس،خۆی گۆشەگیر کردووە»(هەمان). بە وتەیەک نووسەرانی هاوچەرخ بێبەشن لە چەشنی ئەزموونی پاراو و دەروونی حەکایەتبێژەکانەوە.

بە پێوسیتی دەزانم چەمکی (ئەزموون) لەم وتارەی بێنیامیندا زیاتر شی کەمەوە تا لەگەڵ جۆرەکانیتری ئەزموون لە مێژووی فەلسەفەدا تێکەڵ نەبێت. بێنیامین لەم وتارە –و هەروەها وتاری (ئەزموون و هەژاری)دا- باس لە لەناوچوونی (ئەزموون) لەسەردەمی مۆدێرندا دەکات. ئەو بۆ چەمکی ئەزموون، وشەی ئەڵمانی (Erfahrung) بەکار دێنت کە لەگەڵ وشەی (Erlebnis) کە ئەویش بە مانای ئەزموون دێت جیاوازە. وشەی (Erlebnis) لەبنەڕەتدا بەمانای ئەزموونی ئاسایی و هەستەکی ڕۆژانەیە، ئەم چەشنە ئەزموونە لە گوتاری فەلسەفەی ئەڵمانی و ڕەوتی هێرمۆنێتیکیدا ئاماژە بە ئەزموونێکی ڕووبەڕوو و ئێستاکەیی دەکا. (Erlebnis) ئەزموونێکی کاڵ، بەربڵاو، نایەکانگیر، زیندوو و ساتیانەیە و، لە هێرمۆنێتیکی ئەڵمانیدا بە مانای (زیندوو بوون لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێک یان کردەیەک)دا دێت. ئێمە بەشێوازی ئاسایی لە ژیانماندا لەگەڵ ئەم ئەزموونە بەروڕوو دەبینەوە، بۆ نموونە ئەزموونی خواردنەوەی ئاوێکی فێنک. لەم چەشنە ئەزموونەدا بەردەوام مەودایەک نێوان (بکەری ئەزموون) و (بابەتی ئەزموون) هەیە، واتە هەمیشە بابەتی ئەزموونکراو وەک شتێکی دەرەکی بوونی هەیە، بۆیە دەکرێت(Erlebnis) بە (ئەزموونی ژینکراو یان ئەزموونی دەرەکی) وەرگێڕینەوە. بەڵام (Erfahrung)-کە لە وتاری بێنیامیندا هاتووە- ئاماژەیە بە چەشنێک (ئەزموونی دەروونی). لەم مانایەدا، ئەزموون، گشتییەتی «بوون» و ژیانی مرۆڤ لەبەر دەگرێت و بە پێچەوانی (ئەزموونی دەرەکی)، مەودایەک لە نێوان بکەر و بابەتی ئەزموونکراودا نییە، بەڵکوو دەبێتە بەشێک لە ژیانی مرۆڤ. ( Erfahrung) ئەزموونێکە کە دەبیندرێت، یەکانگیرە، چەمکییە و شیاوی هەناردەکردنە. ئەمە هەمان ئەزموونە کە لە وتەی ئاساییدا شتی لێوە فێر دەبین. (Erfahrung)- ئەزموونی دەروونی- بەردەوام لەگەڵ مرۆڤە و کاریگەری دەخاتە سەر هەست و فیکرەکانی، لەناو مرۆڤدا نووقم دەبێت و دەبێتە بەشێکی جیانەکراو لە ژیانی دەروونی مرۆڤ.

تەنانەت لە بۆچوونی بێنیامیندا، دەتوانین وڵامێکیش بۆ زانیاری تیۆریکی نووسەرانی هاوچەرخ هەڵێنجین. نووسەری هاوچەرخ بە هۆی ئەوەی لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا لە ئەزموونی دەروونی گێڕانەوەدا بەشدار نییە، لەم ڕووەوە بە ناچاری بۆ گێڕانەوەی ڕیوایەتەکەی، زانیاری تیۆریک پاشەکەوت دەکات و بە پشتبەستن بە زانیاری تیۆریک- وەک ئەزموونکردنی ئەزموونی ئەویدی- دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی. ئەم شێوەیە لە ئەزموون –یان بە گوتەیەک «ئەزموونکردنی ئەزموونی ئەویدی»-ش دەکرێ بۆ شاعیرانی ئەمڕۆ و نڤیساری

Kurdishbookhouse.com

کارەسات وێنا بکەین. لەو نموونانەی باس کران هەر لە جینۆساید-ئەنفالی کوردستان، هۆلۆکاست و ...، بەشێکی زۆر لە شاعیرانی ئەمڕۆیی لە کارەساتەوە نزیک نەبوون و زۆرینەی زانیاری ئەوان لەمەڕ وەها کارەساتگەلێکی مرۆیی لە ڕێگای میدیا، خوێندنەوە یان بیستنی بیرەوەریی پاشماوەکانەوە دەستەبەر دەبێت. لەم ڕووەوە –وەک ئەوەی ئەفلاتوون دەڵێت- دوو پلە مەودایان لەگەڵ هەقیقەت-لێرەدا کارەساتە- هەیە. شاعیرێک کە تەنیا لە ڕێگای هەواڵەکانی ناو میدیاکان و یان خوێندنەوەی بیرەوەریی پاشماوەکان دەست دەکات بە هۆنینەوە شیعرێک کە ناوەرۆکەکەی کارەساتە، دووبارە دەکەوێتە هەمان داوی ئادۆرنۆیی/ مارکوزەیی و، شیعرەکەی ئەو «نامۆبوونی ئاشتیئەنەخوازانە»ـیەی نییە، بەڵکوو شیعرەکەی تەنیا هەڵقولاوی هەستە تاکەکەسییەکان و ڕۆحی ڕۆمانسی ئەوە. کەوابوو شان لە شانی «شیعری لیریک» دەسوێ. لەم هەلومەرجەدا شاعیر دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ چەلەنجە ئادۆرنۆییەکە (واتە شیعر و کارەسات). کەوابوو ناتوانێ تەنیا بە بەکارهێنانی ڕێزمانێکی شکاو و پچڕپچڕ یان زمانێکی هیستریک و ترۆماتیک، هەقیقەتی کارەسات بپێکێت. لێرە دایە کە شاعیر دەست دەکات بە «ساختەکاریی کارەسات»؛ کارەساتێک کە لە ئەزموونەکانی دیکەوە- ئەزموونی میدیایی، بیرەوەرییەکان، تیۆرییەکانی کارەسات و...هتد- وەک ئەزموونی دەرەکی(Erlebnis) سەرچاوەی گرتووە بە هیچ لەونێک ناتوانن ترس و ڕواڵەتی خەوشداری کارەسات، چ لە ساحەی «فۆرم» و چ لە ساحەی «دەربڕین» بنوێنێت. شیعرێک کە لە ئەزموونی دەروونی(Erfahrung) کارەساتدا بەشدارە، لە دەربڕینی شاعیرانەشدا تووشی شکستی جوانیناسانە دەبێ بەڵام ئەم شکستە بەڵگە و شەرەفی ڕابردووە، پاسەوانی «فەرامۆش نەکردنی مێژوو»ـە. لەلایەکیترەوە شیعرێک کە ئەزموونی کارەسات دەخاتە سەر زانیاری تیۆریک و زانیاری ئەزموونکردنی ئەزموونی ئەویدی، چ لە بواری جوانیناسانە- بەهۆی دەکارکردنی زمانی هیستریک و ترۆماتیک- و چ لە بواری دەربڕین- بە هۆی مەودایەکی زۆر لەگەڵ ئەزموونی کارەسات- هەرەس دێنیت. ئەو شێعرە تەنیا دەتوانێ لە گۆڕەپانی «شیعری لیریک»ـدا جەولە بکات، واتە شیعرێک کە دۆسیەکەی بۆ دەربڕینی کارەسات لەمێژە داخراوە. شیعری لیریک «ڕواڵەتی ناحەزی کارەسات» بە بەشێوەیەکی سامناک و کاولکارانە نیشان نادات، بەڵکوو بابەتی کارەسات لە توێژە ڕووکارەکان و بە ڕۆحێکی ڕووکەشیانە و بە زمان و تێگەیشتنێکی قیزەونەوە دەخەسێنیت و لە هەگبە ڕازاوەکانی میدیادا پێشکەشی دەکات.

Kurdishbookhouse.com

**پەراوێزەکان:**

1.بڕوانە: فیلمەکانی (Life Is Beautiful)-ژیان جوانە- لە دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ بێنیگنی و، (Inglourious Basterdes)-زۆڵە بێشکۆکان- لە دەرهێنانی کوێنتن تارانتینۆ.
٢. بڕوانە: بیرەوەریی دیلکراوەکانی نازی و، هەروەها بیرەوەریی ئەنفالکراوانی کوردستان.

**سەرچاوەکان:**


- اباذری و دیگران(١٣٧٢)، کتاب شاعران: ریلکه، تراکل، سلان. تهران: انتشارات روشنگران.
- بلانشو، موریس (١٣٩١)، جنون روز. ترجمه: پرهام شهرجردی. چاپ سوم. نشر پاریس.
- بنیامین، والتر (١٣٩٣)، مقاله قصه‌گو:تاملاتی در آثار نیکولای لسکوف. ترجمه: مراد فرهادپور و فضل الله پاکزاد. تهران: مجلەی ارغنون.
- آگامبن، جورجو (١٣٩٦)، باقی‌ماندەهای آشویتس: شاهد و بایگانی. ترجمه: مجتبا گل محمدی. چاپ دوم. تهران: نشر بیدگل.
- ژیژک، اسلاوی (١٣٩٧)، خشونت پنج نگاه زیر چشمی،ترجمه: علیرضا پاک‌نهاد، چاپ هشتم. تهران: نشر نی..
- لوی، پریمو (٢٠٠٩)، آیا این یک انسان است؟(نسخه Pdf). ترجمه: رویا طلوع، انتشارات و کتابخانه آنلاین علاءالدین(www.aladdinlibrary.org/fa).
- مارکوزه، هربرت (بی‌تا)، شعر غنایی پس از آشویتس. ترجمه: مهرداد امامی. سایت (www.Thesis11.com).
- قوربانی، عارف (٢٠١٣)، ئەنفال و سەرگوزەشتەی تەیموور. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ .


**تێبینی:** *ئەم وتارەم لەمە پێش (٢٠١٩) بە فارسی لە ماڵپەری (Problematicaa.com)دا بڵاوکردۆتەوە، لە وەرگێڕاندا-یان باشترە بڵێم دووبارە نووسینەوەی بە کوردی- هەوڵمداوە هەندێک دەستەواژە و چەمک، بۆ شیکردنەوەی بابەتەکەی لێوە زیاد بکەم.*

*سەرچاوە: گۆڤاری گەلاوێژی نوێ. ژمارەی ٦٥. بەهاری ٢٠٢١. سلێمانی*

Kurdishbookhouse.com